ژوری توێژینەوەکان

سیاسی، ئابوری، ستراتیجی

# کشانەوەی ئەمەریکا لە ئەفغانستان

## ئەمەریکا ئامانجەکانی دەپێکێت؟

نوسینی: ئێدوارد ئۆراها

وەرگێڕانی: گەیلان عەباس



ئەیلولی ٢٠٢١

# کشانەوەی ئەمەریکا لە ئەفغانستان
# ئەمەریکا ئامانجەکانی دەپێکێت؟

ئیدوارد ئۆراها
ناوەندی بەیان بۆ توێژینەوەو پلاندانان

وەرگێران: گەیلان عەباس
ئەندامی ژوری توێژینەوەکانی بزوتنەوەی گۆڕان

ناوەڕۆک

پێشەکی وەرگێڕ.......... ٢
کشانەوەی ئەمەریکا لە ئەفغانستان: ئەمەریکا ئامانجەکانی دەپێکێت؟.......... ٤
ڕێککەوتنی ئاشتی: دەستکەوت و ئاماژەکانی بۆ ئەمەریکاو تاڵیبان؟.......... ٥
هۆکارەکانی کشانەوەی ئەمەریکا لەئەفغانستان.......... ٦
یەکەم: هۆکاری ناوخۆییەکانی ئەفغانستان.......... ٦
دوەم: هۆکاری ژینگەیی سیاسەتی نێودەوڵەتی.......... ٩
دەرئەنجام.......... ١٠
سەرچاوەکان.......... ١١
پاشکۆ: پوختەی ڕێککەوتننامەی ئاشتی ئەمەریکاو تاڵیبان.......... ١٢

## پێشەکی وەرگێڕ

دوای تێپەڕبونی نزیکەی ٢٠ ساڵ بەسەر جەنگی خوێناوی ئەفغانستاندا، دواجار ئەمەریکاو تاڵیبان پاش ١٨ مانگ لەگفتوگۆو دانوستانی بەردەوام، لە ٢٩ی شوباتی ٢٠٢٠ لەدەوحەی پایتەختی قەتەر کۆبونەوەو ڕێککەوتنی ئاشتییان لەنێوان خۆیاندا واژۆکرد.

دیارترین خاڵەکانی نێو ڕێککەوتنەکەی تاڵیبان و ئەمەریکادا بریتی بو لەئازادکردنی پێنج هەزار چەکداری تاڵیبان کە لەبەندیخانەکانی حکومەتی ئەفغانستاندا بەندکرابون. هاوکات ئازادکردنی هەزار زیندانی لایەنی بەرامبەر. لەخاڵێکی دیکەی ڕێککەوتنامەکەدا هاتبو ئەمەریکاو هێزە هاوپەیمانەکانی لەماوەی ١٤ مانگدا لەئەفغانستان بکشێنەوە. لای خۆشییەوە ئەمەریکا سزای سەر ئەندامانی تاڵیبان هەڵبگرێت. لە بەرامبەردا دەبێت تاڵیبان پەیوەندییەکانی لەگەڵ قاعیدە و هێزە توندڕەوەکان بپچڕێنێت و هاوکاری ئەمەریکاو حکومەتی ئەفغانستان بکات و چیتر وەک رابردو، ئەفغانستان نەبێتە شوێنی کۆکردنەوەی گروپە تیرۆریستییەکان و سەرچاوەی هەڕەشە بۆ خەڵکی ئەفغانستان و ئەمەریکاو هێزە هاوپەیمانەکانی.

لەدوای واژۆکردنی ڕێککەوتنەکە، مایک پەمپێۆ وەزیری ئەوکاتی دەرەوەی ئەمەریکا رایگەیاند: "ئەمەریکا و تاڵیبان دەیان ساڵی پڕ کێشەو بێ متمانەیان تێپەراند. ئەم هەوڵەش بۆ ئەمەریکا کاتێک سەردەکەوێت، کە تاڵیبان پەیوەندییەکانی لەگەڵ قاعیدە و گروپە تیرۆریستیەکانی دەرەوە بپچرێنێت". لای خۆشییەوە تاڵیبان رایگەیاند:"ئەوان چیتر شەریان ناوێت و لەماوەی ١٨ ساڵی رابردوشدا شەڕیان بەسەردا سەپێندرابوو، لەمەودواش کار بۆ ئەفغانستانێکی ئازاد و ئارام دەکەن، کە ڕێز لە مافی هەموو تاکێکی ئەو وڵاتە بگرێت".

وەک ئەوەی لەرێککەوتنەکەدا هاتبو، ئیدارەی ئەمەریکا لەسەردەمی ترەمپدا بریاری کشانەوەی لەئەفغانستاندا خستە بواری جێبەجێکردنەوە، بەپێی ڕێککەوتنەکەش وابریاربو ئەمەریکا تا ١ی حوزەیرانی ٢٠٢١ بەتەواوی لەئەفغانستاندا بکشێتەوە. بەڵام دواتر ئیدارەی بایدن ئەو وادەیەی درێژکردەوە بۆ ١١ی سێپتێمبەری ٢٠٢١، بەڵام دوای دروستبونی جەنگی ناوخۆی ئەفغانستان و کۆنترۆڵکردنی کابوڵی پایتەختی ئەفغانستان لەرۆژی ١٥ی ئاب، لەلایەن تاڵیبانەوە، ئەمەریکا پرۆسەی کشانەوەکەی خێراترکرد، ئەوەبو لە ٣١ی ئابی ٢٠٢١دا دواین سەربازی ئەمەریکا خاکی ئەفغانستانی بەجێهێشت.

بەمجۆرە، ئەوەی خاڵی جەوهەری بو بەنیسبەت ئەمەریکاوە، لەنێو ڕێککەوتنی ئاشتی لەگەڵ تاڵیباندا، جێبەجێکرا، ئێستا ئەو بەشانەی دیکەی ڕێککەوتننامەکە کەماوە جێبەجێ بکرێت، زۆرینەی پەیوەندیدارە بەتاڵیبانەوە. پرسیارەکە ئەوەیە؛ ئایا تاڵیبان هەڵدەستێت بەجێبەجێکردنی ئەو بەرپرسیارێتیانەی کەبەپێی ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ ئەمەریکا، خراونەتە سەرشانی لەئەفغانستاندا. لەنمونەی روبەروبونەوەی هێزە تیرۆریستیەکان لەسەر خاکی ئەفغانستاندا، تا رێگری و روبەروبونەوە لەگەڵ هەمو ئەوانەی کە ئەفغانستان بەکاردەهێنن، بۆ دروستکردنی هەرەشە لەسەر بەرژەوەندی و ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا، لەوێشەوە بۆ

مەسەلەی ماف و ئازادییەکانی تاک لەئەفغانستان، تابگات بەمەسەلەی خۆشگوزەرانی و گەشەپێدان لەئەفغانستاندا.

ئەوەی لەم راپۆرتەی (ناوەندی بەیان بۆ توێژینەوەو پلاندانان) تیشکی خراوەتەسەرو گفتوگۆی لەبارەوەکراوە، پەیوەستە بەوەڵامدانەوەی چەند پرسیارێک، لەهەمبەر کشانەوەی ئەمەریکا لەئەفغانستاندا. وەک ئاشکرایە ئەمەریکا لەماوەی ٢٠ ساڵی مانەوەی لەئەفغانستاندا، تێچویەکی زۆری بۆ جەنگ و بونیادنانەوەی ئەفغانستان خەرجکرد، بەپێی وتەی جۆ بایدنی سەرۆکی ئەمەریکا، وڵاتەکەی لەجەنگی ئەفغانستاندا رۆژانە خەرجی شەڕ و مانەوەیان، لە نێوان ١٥٠ ملیۆن بۆ ٣٠٠ ملیۆن دۆلاردا بووە. بەمجۆرەش لەماوەی ئەو ٢٠ ساڵەی کەلە ئەفغانستاندا بون، زیاتر لەیەک ترلیۆن دۆلاریان خەرجکردوە. ئەوە جگە لەزیانە گیانییەکانی ئەمەریکا لەماوەی ئەو ٢٠ ساڵەدا، کە بەپێی ئامارەکان ٢٤٤٨ سەربازی ئەمەریکی و ١١٤٤ سەربازی ناتۆ کوژران، ٢٠٧٧٢ سەربازی دیکەی ئەمەریکاش برینداربون. هاوکات لەهێزە نیشتیمانییەکان و هێزەکانی پۆلیسی ئەفغانستان ٦٤١٠٠ کەس کوژراون و نزیکەی ١١١ هەزار هاوڵاتی سڤیلی ئەفغانستانیش کوژراو و بریندابون. ئەوەی لێرەدا دەبێتە پرسیار ئەوەیە، دوای ئەو هەمو تێچوە مادیی و زیانە گیانییەی ئەمەریکا لەئەفغانستان، ئایا بریاری رێککەوتن لەگەڵ تاڵیبان و کشانەوە لەئەفغانستان، بریارە دروستەکە بو بۆ ئەمەریکا؟. ئایا بریاری کشانەوەو رێککەوتن لەگەڵ تاڵیبان، دەکرێت وەک شکستی ئەمەریکا، لەئەفغانستان، بەرامبەر بەتاڵیبان لێک بدرێتەوە، وەک ئەوەی زۆرێک لەمیدیا جیهانییەکان و شیکەرەوان ئاماژەی بۆ دەکەن؟.

ئەوەی ئەم راپۆرتەش بەپوختی وەڵامی ئەم چەند پرسیارە دەداتەوە، ئایا کشانەوەی ئەمەریکا لەئەفغانستاندا بەواتای شکستی سیاسەتی ئەمەریکا دێت لەو وڵاتەدا؟. ئایا ئەمەریکا بەدەستی بەتاڵ ئەفغانستانی بەجێهێشت؟. ئایا ئامانجەکانی ئەمەریکا لەئەفغنستاندا کۆتاییان هاتوە، بۆیە بریاری کشانەوەیدا؟، ئایا دەکرێت تاڵیبان بەبراوەی یارییەکە دابنرێت؟. هۆکاری رێککەوتنی ئەمەریکا چی بو لەگەڵ تاڵیباندا؟ ئەمەریکا بۆ پشتی کردە دۆستەکانی لەحکومەتی ئەفغانستان و لەگەڵ تاڵیباندا رێککەوت؟. ئایا تاڵیبان دەبێتە بریکاری ئەمەریکا لەناوچەکەدا؟. دواجار ئایا ئەمەریکا دوای کشانەوەی لەئەفغانستان، ئەو ئامانجانەی دەپێکێت، کەنەخشەی بۆ دارشتون لەئەفغانستانی داهاتودا؟.

ئەمانە دیارترین ئەو پرسیارانەن کەنوسەری ئەم بابەتە لەنێو راپۆرتەکەیدا دەیان وروژێنێت و هەوڵدەدات، بەشێوەیەکی بابەتی وەڵامیان بداتەوە.

## کشانەوەی ئەمەریکا لە ئەفغانستان: ئەمەریکا ئامانجەکانی دەپێکێت؟

مێژوو روداو گەلێکی زۆری لەهەناوی خۆیدا هەڵگرتوە، کە کاریگەری و دەرهاویشتەی جیاوازییان بەدوای خۆیاندا هێناوە. هەندێک روداو لەروی کات و شوێنەوە، لەپەراوێزدا کاریگەریەکی سنورداریان هەیە لەسەر لایەنێک، هاوکات دەشێت هەمان روداو لەروی کات و شوێنەوە، کاریگەریەکی فراونتر بەجێبهێڵن لەسەر لایەنێکی دیکە. بەم پێیەش دەکرێت ئێمە پاشەکشەو کشانەوەی ئەم دواییەی ئەمەریکا لەئەفغانستان بخەینە چوارچێوەی جۆری دوەمی ئەو ڕوداوانەی کە پێشبینی دەکرێت بۆ ساڵانی داهاتو کاریگەری بەجێبهێڵێت، تا فراوانتربونی کاریگەرییەکانی بۆ دەرەوەی سنورەکانی ئەفغانستان، پێشبینی دەکرێت ئەم گۆڕانکاریانەش، رۆڵیان هەبێت لە ململانێی نێودەوڵەتیی نێوان زلهێزەکانی جیهان (ئەمەریکا، چین و روسیا) و باڵ و بریکارەکانیان. تەنانەت پێدەچێت ببێتە یەکێک لە فاکتەرە کاریگەرەکان، لەبواری بەڕێوەبردنی ململانێی نێودەوڵەتیدا. لێرەوە گرنگی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم روداوانە دێتە ئاراوە، بە شێوەیەکی بابەتیانەو دور لە هەوەس و مەیل و بیروباوەری ئاینی و بیرکردنەوەی ئارەزوخوازانە.

ئەم پاشەکشەیەی ئەمەریکا دەرئەنجامێکی زۆر گرنگی بەدوای خۆیداهێنا، کەهۆکار دەبێت بۆ گۆرانکاری لەهاوکێشەی ململانێکانی ناوچەکەدا. لەگەڵ ئەم پاشەکشەیەدا تاڵیبان لە بەرەی دژە ئەمریکاوە بەرەو بەرەیەکی جیاوازتر ڕۆیشت، لەوە کەمتر ئەگەر بڵێین، ئێستا چوەتە بەرەی بیرکار (وەکیل) بۆ ئەمەریکا، ئەم گواستنەوەیە تەنانەت لە ئاستی سەرکردایەتی بزوتنەوەکەو ئەو ڕۆڵانەش دەردەکەوێت، کە بۆ بزوتنەوەکە دیاری کراوە (بە پێی رێککەوتنی ئاشتی ئەمریکا و تاڵیبان).

کشانەوەی ئەمەریکا لەئەفغانستان، بەشێوەیەکی لەناکاو روینەدا، ئەو روداوە لەدایکبوی رۆژێک نەبو، بەڵکو روداوێک بو کە ئامادەکاری وردی بۆ کرابو، هاوکات خاوەنی چوارچێوەیەکی یاسایی بو، کە لەڕێککەوتنی نێوان ئەمریکا و تاڵیباندا رەنگیدایەوە، لەلایەکی ترەوە، ئەمەش ڕاستییەکی کراوەیە بۆ توێژەران، دەربارەی کشانەوەی ئەمەریکاو دەرهاویشتە و کاریگەرییە ژێربەژێرەکانی.

## ڕێککەوتنی ئاشتی: دەستکەوت و ئاماژەکانی بۆ ئەمەریکاو تاڵیبان؟

ڕێککەوتنی ئەمەریکاو تاڵیبان، لە دەوحە-قەتەر، لە ٢٩ی شوباتی ٢٠٢٠ ئیمزاکرا[١]. دەکرێت لەرێگەی ناوەرۆکی ڕێککەوتنامەکەوە ئاماژەو ڕێنیشاندەری سروشتی ئەو دانوستانانەو جۆری دابەشکردنی ڕۆڵی هەردولامان بۆ دەربکەوێت کە ڕێککەوتننامەکەی لەسەر بونیادنراوە، وەک ئەم ئاماژانە:

- لەناو ماددەکانی ڕێککەوتنامەکەدا چەند جارێک دەستەواژەو دێڕێ "ئەمارەتی ئەفغانستانی ئیسلامی، کەناسراوە بەتاڵیبان، لەلایەن ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکاوە، وەک دەوڵەت دانیپێدانانرێت" دوبارە بوەتەوە. کەواتە لێرەوە دەکرێت بگوترێت کەتاڵیبان لەدانوستانەکانیدا لەگەڵ ئەمەریکا، نەیتوانیوە سەرکەوتوبێت و دانپێدانانی ئەمەریکی بۆ ئەو دەوڵەتە بەدەستبهێنێت، کەدروستی دەکاتەوە. ئەمەش دەبێتە ئاماژەی نەبونی شەرعیەتی نێودەوڵەتی لەسەر بزوتنەوەکەو ئەو دەوڵەتەی کەبریارە بونیادبنرێتەوە.
- پوختەی دەستکەوتی بزوتنەوەی تاڵیبان لەم ڕێککەوتنە، بریتییە لە: ئازادکردنی ئەو زیندانیانەی کەلەلایەن ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکاو هێزە هاوپەیمانیەکانیەوە دەستگیرکرابون. لەگەڵ سوربونی ئەمەریکا بەپابەندبونی ئەو زیندانییە ئازادکراوانە، بەو بەرپرسیارێتیانەی کە لەناو ڕێککەوتننامەکەدا بۆیان دیاریکراوە، بۆ ئەوەی جارێکی تر، نەبنە هەڕەشەو مەترسی بۆ ئاسایشی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکاو هێزە هاوپەیمانەکانی.
- دەستکەوتێکی دیکەی ڕێککەوتنەکە بۆ تاڵیبان، بریتییە لە: بەڵێنی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بۆ پێداچونەوە بەلیستی ئەو سزا ئیدارییانەی ئێستای ئەمەریکا، دژ بەئەندامانی تاڵیبان، ئەوەش لەرێگای پەیوەندی و گفتوگۆی دیبلۆماسی لەگەڵ ئەندامانی دیکەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەککگرتووەکان و ئەفغانستان، بۆ دەرهێنانی ناوی ئەندامانی تاڵیبان لەلیستی سزاکاندا. (دەبو ئەم بریارەی نێو ڕێککەتنامەکە لەکۆتایی مانگی ئایاری ٢٠٢٠ جێبەجێ بکرێت). بۆ تێبینی ئەم پێداچونەوەیە تەنها بەرامبەر ئەندامانی نێو تاڵیبان ئەنجام دەدرێت، نەک بەرامبەر بزوتنەوەی تاڵیبان، پێداچونەوەکەش ئیدارییە، نەک چاوپێخشاندنەوە بەوردەکاری سزاو پاساوو هۆکارەکان.
- دەربارەی دەستکەوتی ئەمەریکا بەشێوەیەکی بنەرەتی لەم ڕێککەتننامەیە، بریتییە لەرازیبونی تاڵیبان بەرێگری کردن لەهەر تاک و گروپ و کۆمەڵێک، لەنێوانیاندا قاعیدە، بۆ بەکارنەهێنانی خاکی وڵاتی ئەفغانستان بۆ هەرەشەکردن لەئاسایشی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا و هێزە هاوپەیمانەکانی.

---

[١]بۆ خوێندنەوەی کۆ دەقی ڕێککەتننامەی ئاشتی ئەمەریکاو تاڵیبان، بروانە پاشکۆی ئەم بڵاوکراوەیە.

لەم پێناوەشدا پێویستە تاڵیبان نامەیەکی دڵنیاکەرەوەو رونی هەبێت بۆ ئەمەریکا، تیایدا ئاماژە بۆ ئەوە بکات، ئەوکەسانە کە هەرەشە بۆ سەر ئاسایشی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی دروست دەکەن، لەنێو ئەفغانستاندا جێگەیان نابێتەوە. هاوکات دەبێت تاڵیبان رێگر بێت لەئەندامەکانی، لەهاوکاریکردنی هەر تاک و کۆمەڵەو گروپێک، کە هەرەشە لەئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی دەکەن. ئەوە جگە لەو رێوشوێنانەی دیکە، کەدەبێت بیانگرێتە بەر بۆ رێگری لەکارئاسانیکردنی بەکارهێنانی خاکی ئەفغانستان، لەلایەن ئەندامانی ئەو گروپانەوە، کە هەرەشە لەسەر ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی دروست دەکەن.

## هۆکارەکانی کشانەوەی ئەمەریکا لەئەفغانستان

لەکاتی شیکردنەوەو خوێندنەوەی هۆکارەکانی کشانەوەی ئەمەریکا لەئەفغانستان، کۆمەڵێک فاکتەر هەن کەپێویستە لەبەرچاویان بگرین، ئەو هۆکارانەش خۆیان نمایش دەکەن، لەهۆکارە ناوخۆییەکانی ئەفغانستان، لەگەڵ ئەو هۆکارانەی کە پەیوەستن بە سروشتی گۆڕانکاری سروشتی سیاسەتی نێودەوڵەتی.

لێرەوە قسە لەسەر هەردو هۆکارەکە دەکەین و سەرەتا بەهۆکارە ناوخۆییەکانی ئەفغانستان دەستپێدەکەین و پوختی دەکەینەوە لەم خاڵانەدا:

## یەکەم: هۆکاری ناوخۆییەکانی ئەفغانستان

- سەرکردایەتی تاڵیبان:

سەرکردایەتی ئێستای تاڵیبان لەلایەن (مەلا هەیبەتوڵا ئاخوند زادە) رابەرایەتی دەکرێت و دونیابینی لەگەڵ ئەوانەی پێش خۆی جیاوازە، کەدەشێت ئەمە لەهەندێک لەهەڵوێستەکانیدا تێبینی بکرێت و خوێندنەوەی بۆ بکرێت. کەتارادەیەک هەڵوێستەکانی ئەم کەسایەتییە نامۆیە بەراورد بە هەڵوێستە ناسراوەکانی بزوتنەوەکە لەرابردودا، تەنانەت هەندێک لەهەڵوێستەکانی مەلا ئاخوند زادە خۆی دەبینێتەوە لەبواری گرنگیدان بەژینگە!.

سەرۆکی ئێستای تاڵیبان، زۆر پراگماتییە، زۆر تر خواستی لەسەر دانوستان و گفتوگۆیە، وەک لەجەنگ و ململانێ، ئەم خواستەی لەرێی نامەو پەیامەکانییەوە بۆ پشتیوانی و لایەنگران و تەنانەت بۆ نەیارەکانیشی دەردەکەوێت. ئەمە خواست و ئامانجەی مەلا ئاخوند زادە، زیاتر دەگونجێت و هاوتەریبە، لەگەڵ سروشتی

وەرگرتنی دەسەڵاتی لەنێو تاڵیباندا، بەوپێیەی بونی بە سەرۆکی تاڵیبان پشت بەست بوە بەمیکانیزم و ڕێوشوێنی یاسایی و ئاینی ناوبراو، وەک پشت بەست بەڕێوشوێن و میکانیزمی هونەرەکانی جەنگ. ئەمەش خۆی لەخۆیدا بەگۆڕانکارییەکی نەوعی دەبیندرێت، لەئاراستەو دونیابینی ئەم بزوتنەوەیەدا، نەک بەتەنها لەئاراستەو دونیابینی سەرۆکەکەیدا.

مەلا ئاخوند زادە، نازناوی (ئەمیری باوەڕداران)ی وەرگرتوەو لەناو تاڵیباندا خاوەنی دەسەڵاتی بەرفراون و ئەرک و مافی شەرعیە، هیچ کات نابێت لەفەرمانەکانی لابدرێت، وەک چۆن نابێت لەدەسەڵات لاببرێت، تەنها مەگەر لەحاڵەتی لادان نەبێت لەڕێوشوێنی ئاینی، ئەوکات چیتر ناتوانێت بەئەرک و بەرپرسیارێتییەکانی هەڵبستێت. دەنا ئەمیر هەتاوەکو مردن لەپۆستەکەیدا بەردەوام دەبێت. بەڵام ئەنجومەنی شورا لەنێو بزوتنەوەی تاڵیباندا بڕوای وایە کە ڕاوەرگرتن و مەشورەت کردن، گوێ لێگیراوە، بۆ ئەمیر، بەڵام مولزەم نییە. واتە بریارە گرنگەکان ئەمیر (مەلا ئاخوند زادە) دەریان دەکات، بەوەرگرتنی بۆچونی ئەهلی شورا. هاوکات ئەمیر، خاوەنی ئازادی تەواوە لەوەرگرتنی رای ئەنجومەنی شورا یاخود ڕەفزکردنی.

بەبونی ئەم دەسەڵاتانەی ئەمیر، لەگەڵ ئاراستەی پراگماتی مەلا ئاخوند زادە، ڕۆڵی هەبو لەئاراستەکردنی بزوتنەوەکە، بەدیدگای جیاواز، نەک بەئاراستەی کورتکردنەوەی، لەڕۆڵ و دونیابینی تاکە کەسیدا.

لێرەدا دەکرێت ئاماژە بۆ هەندێک لەو نارەزایەتی و دەنگۆیانە بکەین کەدوای موبایەعەکردن و پێدانی دەسەڵات بە ئاخوند زادە کەوتنەوە، ئەمانەش هۆکار بون بۆ ئەوەی ئاخوند زادە بکەوێتە جوڵەو پشتیوانی بۆ خۆی کۆبکاتەوە. وەک ئەوەی دەگوترا کەناوبراو لەرێگەی دەزگای هەواڵگری ئەفغانستانەوە کراوە بە سەرۆکی تاڵیبان. ئەمەش ئاماژەیەکی سەرەتایی بو بۆ ئەوەی کە دۆخی سەرکردایەتیکردنی سەرۆک لەنێو تاڵیباندا، دۆخێکی زۆر ئارام نابێت، لێرەوە ئیتر سەرۆکی تاڵیبان پێویستی بو پشتیوانی بۆ خۆی بەدەستبهێنێت، ئەوەش لەرێی دەستکەوتێکەوە کە بۆ بزوتنەوەکەی بەرهەم بهێنێت. بۆیە دەکرێت ئەو نارەزایەتیانەی دوای بەسەرۆک بونی ئاخوند زادە کەوتنەوە، وەک یەکێک لەفشارەکانی سەر ئاخوندنزادە ببینین کەپاڵی پێوەنا بۆ واژۆکردنی رێککەوتننامەکە لەگەڵ ئەمەریکادا. ئەمەش لەپێناو بەهێزکردنی پێگەکەی وەک سەرۆک لەچوارچێوەی ئەو دەستکەوتانەی بۆ ئەندامانی بزوتنەوەی تاڵیبانی بەدەست دەهێنێت. لەنمونەی ئازادکردنی زیندانیەکانی تاڵیبان، کەبێگومان دەبنە پشتوانیەکی مرۆیی زیاتر بۆ مەلا ئاخوند زادە لەداهاتودا.

خاڵێکی دیکە کەشیاوی ئاماژەو گرنگی پێدانەو و رۆڵی هەبو لەئاراستەکردن و کارئاسانیکردن بۆ مەلا ئاخوند زادە، بۆ ئەنجامدانی ئەو رێککەوتنامەیە، بریتی بو لەهەڵوێستەکانی ناوبراو، دژ بە رێکخراوی داعش، وەک ئەوەی لەبڵاوکراوەیەکیدا بە"ستەمکاری دژ بە تاڵیبان" ناویان دەبات. ئەمەش ئاماژەیەک بو بۆ پێشبینیکردنی جۆرێتی و چۆنێتی پەیوەندییەکانی نێوان تاڵیبان و داعش لەداهاتودا. هەر ئەمەش وادەکات پێشبینی بۆ ئەوە بکرێت کە ئەم بزوتنەوەیە رۆڵی گرنگ دەبینێت لەو روەوە، بەتایبەت دوای وەرگرتنی فەرمانرەوایی لەئەفغانستاندا. ئەوەش لەرێگەی وەستان لەسەنگەری روبەروبونەوەی رێکخراوی داعش لەئەفغانستاندا.

بەکورتی لەئێستادا فەرمانرەوای تاڵیبان، لەئاستی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ویلایەتە یەککگرتوەکانی ئەمەریکادا، فەرمانرەواییەکی نەرمە، هاوکات ململانێکانیشیان بەشێوەیەکی پراگماتی ئاراستە دەکەن. هەر ئەمەش وادەکات پێگەی ئەم بزوتنەوەیە لەرۆڵی دوژمنەوە، بگوازرێتەوە بۆ رۆڵ و پێگەی بریکاری ویلایەتە یەککگرتوەکانی ئەمەریکا. ئەمەش بەئامانجی ئیدارەکردنی مەلەفی ئەفغانستان، بەنوێنەرایەتی ئەمەریکا. (لەئێستادا تاڵیبان بەفیعلی چوەتە ئەم پێگەیەوە).

- لاوازبونی رێکخراوی قاعیدەو هەڵوەشاندنەوەی رۆڵ و توانای مەیدانی

ئامادەنەبونی رێکخراوی قاعیدە لەسەر گۆرەپانی ململانێکان و لاوازبونی رۆڵی ئەم رێکخراوە، بەتایبەت دوای کوژرانی سەرۆکەکەی (ئوسامە بن لادن)، کەخاوەنی ئامادەییەکی مادیی و کاریزمایی بو، لێرەوە ئیدی هەڵوێستی تاڵیبانیش لاواز بو، کە دەیتوانیت هەمیشە قاعیدە وەک کارتێکی دانوستان و کارتی فشار بەکاربهێنێت، بەڵام رۆڵی خراپی قاعیدە وایکرد، کەئیتر ئەم رێکخراوە بۆ تاڵیبان ببێتە بارێکی گران، وەک لەوەی دەستکەوتی لێوە بەدەست بهێنێت. ئەمەش ئەو خاڵە بو، کە سەرکردایەتی تاڵیبان هەستی پێ کرد، لەبەرامبەردا ئیدارەی ئەمەریکا قۆستییەوە بۆ دانوستانکردن لەگەڵ بزوتنەوەی تاڵیباندا.

بەمجۆرە لەدوای شەرێکی هەناسە درێژ کەچەند رۆژێک بەردەوام بو. لەسایەی بەدەستنەهێنانی هیچ دەسکەوتێکی بەرچاوی سەربازی لەلایەن بزوتنەوەی تاڵیبانەوە، ئەوەشی کەهەبو بریتی بو لەبونی تاڵیبان لەکۆمەڵێک ناوچەی ئارام، کەژیان تێیدا ئاسایی بو، هەمو ئەمانەش هۆکاربون بۆ زیادکردنی فشارو قورسایی لەسەر رۆڵی بزوتنەوەی تاڵیبان بۆ ماوەیەکی دورودرێژ. لەگەڵ کەوتنی ماکەکانی فشار، دەبو ئەم بزوتنەوەیە بۆ رۆڵێکی نوێی خۆیی بگەڕێت، لەو نێوانەدا، هەر ئەمەش رویدا. لێرەوە تاڵیبان رۆڵی

پاکتاوکردنی هەندێک هۆکاری وەرگرت، کە هەرەشەو مەترسی بون لەسەر ئاسایشی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لەئەفغانستاندا. ئەم خاڵەش لەنێو رێککەوتننامەی واژۆکراوی ئەمەریکاو تاڵیبان لە ٢٩ی شوباتی ٢٠٢٠ی قەتەردا هاتوە.

## دوەم: هۆکاری ژینگەیی سیاسەتی نێودەوڵەتی

ژینگەی سیاسەتی نێودەوڵەتی، کاریگەری هەبو لەگۆڕینی ئاراستەی سیاسەتی بزوتنەوەی تاڵیبان، لەسەنگەری نەیارو دوژمنەوە بۆ سەنگەری بریکار و وەکیلی ئەمەریکا.

گۆڕانی سیاسەتی دەوڵەتان، مێژویەکی نزیکی هەیە، سەرەتا بەشێک لەدەوڵەتان، بەشێوەیەکی ئاشکراو شاراوە، بۆ ماوەیەکی زەمەنی، سپۆنسەری بزوتنەوە جیهادییەکانیان دەکرد. ئەوەش لەرێگای پشتیوانی مادیی وڵاتانی کەنداوی عەرەبی، یاخود لەرێگەی تەبەنیکردنی توانای فیکری و فیزیکی و مرۆیی و تەکنیکی وڵاتانی وەک میسرو عێراق. لێرەوە دەکرێت ئاماژە بکەین بۆ گۆڕانکاری سیاسەتی دەوڵەتانی کەنداو، وەک دەرئەنجامێک بۆ فشارە بەردەوامەکانی وڵاتێکی وەک ئێران، ئەوە جگە لەفشارە ناوخۆییەکانی نێو ئەو دەوڵەتانە، کەخۆی دەبینێتەوە لەبەرزبونەوەی سەرکردایەتی و فۆرمێکی نوێ، بەدیاریکراویش لەمیسر و وڵاتانی کەنداودا، کەخاوەنی هەڵوێستی توندو تۆکمەبون، لەروبەروبونەوەی تەیار و رەوت و بزاوتە جیهادییەکان، بەشێوەیەکی تەواوەتی. یاخود ئەمانە زیاتر وەڵامدەرەوەی ئەرێنیان هەبوە بۆ سیاسەتی ئەمەریکی. هاوکات لەگەڵ داروخانی سەلەفیەتی جیهادی لەعێراق، کۆتایی هێنا بەهەناردەکردنی توانا مەیدانییەکان، لەعێراقەوە بۆ ئەفغانستان.

دەرئەنجامی هەمو ئەمانە، وایکرد هەڵوێستی بزوتنەوەی تاڵیبان بەهێز نەبێت، بەهۆی لەدەستدانی ئەو پشیوانییە ئاشکراو شاراوانەی کە لە رێگای ژینگەی نێودەوڵەتییەوە پێشکەشیان دەکرا. لێرەوە بزوتنەوەی تاڵیبان درکیان بەوەکرد کە چانسی مانەوەو بەردەوامیان بەندە بەدانوستان و بەدەمەوەچونی پۆزەتیڤیان بەرامبەر هەڵوێستەکانی ئەمەریکا. ئەمە ئەگەر تاڵیبان ویستی چانسی مانەوە بۆ زەمەنێکی درێژ بەدەستبهێنێت و هەمو ئەو ئاڵنگاریانە تێبپەرێنێت کەلەسەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتی روبەروی دەبنەوە.

## دەرئەنجام

خوێندنەوەیەکی وردی رێککەوتنامەی ئەمەریکاو تاڵیبان، هەڵسەنگاندنی لەچوارچێوەی هۆکارو لێکەوتەکانی کەباسمان کردن، دەمانگەیەنێتەوە ئەو دەرئەنجامەی کەبڵێین: ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بریاریدا بەگۆرِینی سیستم و حکومەتی پێشوی ئەفغانستان، هەرچەندە ئەو حکومەتە پشتیوان و دۆستی ئەمەریکا بو، بەڵام بەهۆی لاوازی و گەندەڵی و نەبونی پشتیوانی جەماوەری، هاوکات بەهۆی دروستکردنی قورساییەکی زۆری مادی لەسەر ئابوری ئەمەریکا لەلایەک و قورسایی سەربازی لەسەر سوپای ئەمەریکا، هۆکاربون بۆ ئەوەی ئەمەریکا سیستمێک کەدۆستی بو، بیگۆرِێت بەسیستمێک کە لە سیماو بانگەشەی ئەندامەکانیدا دژیەتی. بەڵام لەناوەرۆکدا دژی نییەو هاودەنگەو رازییە لەسەر ئەوەی کەچیتر ئەمەریکا نەبێتە خاڵی هەرەشەو مەترسی دروستکردن بۆ سەر ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی. ئەوە جگە لەوەی سیستمە نوێیەکە لەروی بونیادیشەوە دەبێت خاڵێکی فشار لەناوچەکەدا، بەرامبەر بەنەیارەکانی ئەمەریکا بەتایبەت بۆ (چین و روسیاو ئێران)، ئەمەش بەهۆی ئەو جیاوازییە بیروباوەرییەی کەتاڵیبان هەیەتی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا، لەگەڵ ژمارەیەک لەهۆکارو مەلەفی هەڵواسراوی دێرینی نێوانیان، کەئەمەش هۆکار دەبێت بۆ ئەوەی بزوتنەوەی تاڵیبان لەهەندێک بارودۆخی هەرێمی ناوچەکەدا دەستێوەردان بکات و دراوسێکانی بێزار بکات. (بەنمونە وڵاتی چین لەپرسی موسوڵمانانی ئیگۆر). لێرەوە وێنەی بزوتنەوەیەکی بزێوی رادیکاڵ دەردەکەوێت، کەدەتوانێت رۆڵی سەرئێشەو بێزارکەر لەناوچەکەدا ببینێت، ئەمەش ئەو خاڵە بو کە سیستمی پێشو نەیدەتوانی ئەنجامی بدات، بەو پێیەی سیستەمی پێشو، بەهۆی سروشتی دروستبون و دامەزراندنی، وابەستەبو بەیاساو بەهاکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە.

لێرەشەوە دەبینین ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا، لەحاڵەتی پابەنبونی تاڵیبان بەو بەڵێنانەی کەداویەتی، ئەوا دەکرێت ئەمەریکا ئەوە بەدەستبهێنێت، کەچەند ساڵێک بو هەوڵی بۆ دەدا، ئەوانیش بریتی بون لە: بونیادنانی سیستمێکی ئەفغانی، کە ئەو وڵاتە بۆ هەرەشەکردن لەئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی بەکارنەهێنرێت، هاوکات بتوانێت رۆڵی فشارکەری بەردەوام دروستبکات بۆ نەیارانی ئەمەریکا، لەلایەکی دیکەوە بتوانێت ژینگەیەیەکی نائارامی ئەمنی و جیۆسیاسی بۆ هەریەکە لەچین و روسیاو ئێران لەناوچەکەدا دروست بکات. لێرەشەوە ئەمەریکا بریاریدا هێزەکانی بکشێنێتەوە، ئەوەش لەبەرامبەر بونی فشاری بەردەوام بۆ سەر نەیارەکان، بەبێ هیچ بارگرانییەکی ئابوری و سەربازی، بۆ پشتیوانیکردن لە دروستکردنی سیستمێکی نوێی ئەفغانی.

# سەرچاوەکان

1 .نص اتفاق السلام بين الولايات المتحدة و طالبان في الدوحة (وثيقة)، على الموقع الألكتروني:
https://www.aa.com.tr/ar/%D8%A7%D9%84%D8%AF%D9%88%D9%84-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B1%D8%A8%D9%8A%D8%A9/%D9%86%D8%B5-%D8%A7%D8%AA%D9%

2 .حركة طالبان.. النشأة والفكر والتنظيم، على الموقع الألكتروني:
https://www.aljazeera.net/encyclopedia/2021/8/16/%D8%AD%D8%B1%D9%83%D8%A9-%D8%B7%D8%A7%D9%84%D8%A8%D8%A7%D9%86-

3 .من هم قادة حركة طالبان؟، على الموقع الألكتروني:
https://www.aljazeera.net/news/2021/8/15/%D9%85%D9%86-%D9%87%D9%85-%D9%82%D8%A7%D8%AF%D8%A9-

4 .هبة الله أخوند زاده... ماذا نعرف عن زعيم طالبان، على الموقع الالكتروني:
https://arabic.sputniknews.com/world/202108161049862278-%D9%87%D8%A8%D8%A9-%D8%A7%D9%84%D9%84%D9%87-

5 .هذا هو زعيم طالبان.. وهذا ما يريده، على الموقع الالكتروني:
https://www.alquds.co.uk/%D8%B2%D8%B9%D9%8A%D9%85-/%D8%B7%D8%A7%D9%84%D8%A8%D8%A7%D9%86-

# پاشکۆ

## پوختەی رێککەوتننامەی ئاشتی ئەمەریکاو تاڵیبان

## ٢٩ی شوباتی ٢٠٢٠

ڕێککەوتننامەی هێنانی ئاشتی بۆ ئەفغانستان، لەنێوان ئەمارەتی ئیسلامی ئەفغانستان، کەئەمەریکا وەک دەوڵەت دانی پێدانانێت و بەتاڵیبان ناسراوە، لەگەڵ ویلایەتە یەککگرتوەکانی ئەمەریکا، لەبەرواری ٢ی شوباتی ٢٠٢٠.

- ڕێککەوتنی ئاشتی لەچوار بەش پێک دێت:

١. گرنتیکردن و دانانی میکانیزمی جێبەجێکردن، بۆ ئەوەی هیچ کەس و لایەن و گروپێک خاکی ئەفغانستان بەکارنەهێنێت دژ بەئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی.

٢. گرنتی کردن و دانانی میکانیزمی جێبەجێکردن و دانانی خشتەی کاتێکی دیاریکراو، بۆ کشانەوەی سەرجەمی هێزە بیانیەکان لەسەر خاکی ئەفغانستان.

٣. دوای راگەیاندنی گرەنتی کشانەوەی تەواوی هێزە بیانییەکان، بەپێی کاتیکی دیاریکراو بەئامادەبونی شایەتی نێودەوڵەتی و دواتر راگەیاندنی کشانەوە، بەئامادەبونی شایەتی نێودەوڵەتی، بۆەگرەنتیکردنی بەکارنەهێنانی خاکی ئەفغانستان دژ بەئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی. ئەمەراتی ئەفغانستانی ئیسلامی کەئەمەریکا وەک دەوڵەت دانی پێدانانێت و ناسراوە بەتاڵیبان. لە رێکەوتی ١٠ی ئازاری ٢٠٢٠ دەست دەکات بە دانوستان لەگەڵ لایەنە ئەفغانیەکانی دیکەدا.

٤. ئاگربەستی گشتگیر و یەکجارەکی، پەیوەستە بەبەرنامەی کارو گفتوگۆی ئەفغانییەکانەوە، لایەنە بەشدارەکانی دانوستانی ئەفغانی شێوازی ئاگربەستی گشتگیرو یەکجارەکی دیاری دەکەن. لەونێوانەدا میکانیزم و ئالیاتی جێبەجێکردنی هاوبەش دەستنیشاندەکەن و دواتر لەسەر بنەمای ڕێککەوتن بۆ داهاتوی نەخشەی سیاسی ئەفغانستان ئاشکرای دەکەن.

بۆ جێبەجێکردن و چەسپاندنی ئەو چوار بابەتە، ڕێککەوتننامەکە سێ بڕگەی دیکەیشی بۆ دانراوە:

## بڕگەی یەکەم

١) هێزەکانی ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی پابەند دەبن بەکشانەوە لەئەفغانستان، دوای ١٤ مانگ لە راگەیاندنی ڕێککەوتننامەکە، لەم چوارچێوەیەشدا، کۆمەڵێک ڕێوشێن دەگیرێتەبەر لەوانەش: ئەمەریکاو هێزە هاوپەیمانەکانی لەماوەی ١٣٥ رۆژی سەرەتادا هەڵدەستن بە:

- ژمارەی هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکان لە ئەفغانستان بۆ ٨٦٠٠ کەس کەمدەکرێتەوە.

- ئەمەریکاو هێزە هاوپەیمانەکانی سەرجەمی هێزەکانیان لە ٥ بنکەی سەربازی ئەفغانستان دەکشێننەوە.

٢) پابەندبون و کارکردن بە بەڵێنەکان لەلایەن ئەمارەتی ئیسلامی ئەفغانستان، کەئەمەریکا دانی پێدانەناوە وەک دەوڵەت. لەبەرامبەردا ئەمەریکا هەڵدەستێت بەجێبەجێکردنی:

- ئەمەریکاو هێزە هاوپەیمانەکانی لەماوەی ٩ مانگ و نیوی ماوەدا سەرجەمی هێزەکانیان لەئەفغانستاندا دەکشێننەوە.
- ئەمەریکاو و هاوپەیمانەکانی و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی تەواوی هیزەکانیان لەبنکە سەربازییەکان دەکشێننەوە.

٣) ئەمەریکا پابەند دەبێت بەکارکردنی خێرا لەگەڵ سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکان، بۆ ئازدکردنی زیندانیانی سیاسی و جەنگاوەرانی تاڵیبان، ئەمەش بۆ دروستکردنی متمانە لەنیوان هەردولادا، ئەوەش بەهەماهەنگی لایەنەکانی دیکە.

- لەم نێوانەدا ٥ هەزار زیندانی ئەمارەتی ئیسلامی ئەفغانستان، کەئەمەریکا وەکو دەوڵەت دانی پێدانانێت و بەتاڵیبان ناسراوە، ئازاد دەکرێن، لەبەرامبەردا دەبێت هەزار زیندانی لایەنی بەرامبەر تا ١٠ی ئازاری ٢٠٢٠ ئازادبکرێن.
- لایەنی بەرپرس دوای سێ مانگی دیکە تەواوی زیندانییەکانی دیکە ئازاد دەکەن، ئەمەریکاش تەواو پابەند دەبێت بەبەجێهێنانی ئەم ئامانجە.
- ئەمارەتی ئیسلامی ئەفغانستان کەئەمەریکا وەک دەوڵەت دانی پێدانانێت و بەتاڵیبان ناسراوە، دەبێت بەڵێن بدەن کە زیندانیە ئازادکراوەکانیان پابەند دەبن بەو بەرپرسیاریتیانەی کەبەپێی رێککەوتنەکە خراوەتە ئەستۆیان، بۆ ئەوەی هەرەشە بۆ سەر ئەمەریکاو هێزە هاوپەیمانەکانی دروست نەکەن.

٤) لەگەڵ دەستپێکردنی دانوستانی نێوان لایەنە ئەفغانیەکان، ئەمریکا دەست دەکات بەپێداچونەوە ئیداری بۆ ئەو سزایانەی کەلەئێستادا سەپاندویەتی بەسەر ئەندامانی ئەمارەتی ئیسلامی ئەفغانستان کەئەمەریکا وەک دەوڵەت دانی پێدانانێت و بەتاڵیبان ناسراوە، بەئامانجی هەڵگرتنی ئەو سزایانە تارێکەوتی ٢٧ی ئۆگەستی ٢٠٢٠.

٥) لەگەڵ دەستپێکردنی دانوستانی نێوان لایەنە ئەفغانیەکان، ئەمریکاش بەهەماهەنگی و رێکاری دیبلۆماسی لەگەڵ ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان و ئەفغانستان، هەڵدەستێت بەگرتنەبەری رێوشوێنی هەڵگرتنی سزاکانی بەرامبەر ئەندامانی ئەمارەتی ئیسلامی ئەفغانستان

کەئەمەریکا وەک دەوڵەت دانی پێدانانێت و بەتاڵیبان ناسراوە، لەنیو لیستی سزاکانی تا رێکەوتی ٩ی ئایاری ٢٠٢٠.

٦) ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی قەدەغەی هەرەشکردن و هێرشکردنیان لێدەکرێت بۆسەر ئاسایشی هەرێمی و سەربەخۆی سیاسی ئەفغانستان و چیتر نابێت دەستێوەردان بکەن لەکاروباری ناوخۆی ئەفغانستاندا.

## برگەی دووەم

بەهەماهەنگی لەگەڵ راگەیاندنی رێککەوتننامەکە، ئەمارەتی ئیسلامی ئەفغانستان کەئەمەریکا وەک دەوڵەت دانی پێدانانێت و بەتاڵیبان ناسراوە، پێویستە بەم رێوشێنانەی خوارەوە هەستێت، بۆ رێگری لەهەر تاک و کۆمەڵ و گروپەکێک، لە نمونەی قاعیدە، بۆ بەکارنەهێنانی خاکی ئەفغانستان بۆ هەرەشەکردن لەئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی. لەوپێناوەشدا دەبێت:

- ئەمارەتی ئیسلامی ئەفغانستان کەئەمەریکا وەک دەوڵەت دانی پێدانانێت و بەتاڵیبان ناسراوە، رێگە نەدات بەئەندامانی و ئەندامانی گروپەکانی دیکەش، لەبەکارهێنانی خاکی ئەفغانستان بۆ هەرەشەکردن لەئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی.
- ئەمارەتی ئیسلامی ئەفغانستان کەئەمەریکا وەک دەوڵەت دانی پێدانانێت و بەتاڵیبان ناسراوە، نامەیەکی ئاشکرا بنێرێت بۆ هەمو ئەوانەی هەرەشە لەئەمەریکاو هێزە هاوپەیمانەکانی دەکەن، تیایدا ئاماژە بۆ ئەوە بکات کەچیتر لەئەفغانستاندا جێگەیان نابێتەوە، هاوکات پێویستە رێنمایی بداتە ئەندامەکانی کانابێت بەهیچ جۆرێک هاوکاری و هەماهەنگی ئەو تاک وکۆمەلانە بکەن، کەهەرەشە بۆ سەر ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی دروست دەکەن.
- ئەمارەتی ئیسلامی ئەفغانستان کەئەمەریکا وەک دەوڵەت دانی پێدانانێت و بەتاڵیبان ناسراوە، قەدەغەی هەمو ئەو تاک و کۆمەلانە بکات، کە هەرەشە دەکەن لەئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی لەئەفغانستاندا، هاوکات قەدەغەی هەمو پاڵپشتی و پشتیوانیەکی مادی و لۆجستی و میواندارییشان بکات، بەپێی ئەو رێوشێنانەی لەرێککەوتننامەکەدا دیاریکراون.
- ئەمارەتی ئیسلامی ئەفغانستان کەئەمەریکا وەک دەوڵەت دانی پێدانانێت و بەتاڵیبان ناسراوە، پابەند دەبێت بەمامەڵەکردنێکی یاسایی لەگەڵ هەمو ئەوانەی کەبەپێی یاسای کۆچی نێودەوڵەتی و برگەو رێوشوێنەکانی رێککەوتننامەکە دیاری کراون و داوای پەنابەری دەکەن، بۆ ئەوەی ئەوکەسانە نەبنە هەرەشە بۆسەر ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی.

- ئەمارەتی ئیسلامی ئەفغانستان کەئەمەریکا وەک دەوڵەت دانی پێدانانێت و بەتاڵیبان ناسراوە، ڤیزە و پاساپۆرت و بەڵگەی هاتوچۆ و هیچ جۆرە بەڵگەیەکی یاسایی نەداتە هیچ یەکێک لەوانەی هەرەسە لەئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی دەکەن و تابیانەوێت بێنە خاکی ئەفغانستانەوە.

## برگەی سێهەم

- ئەمەریکا داوا لەئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان دەکات بۆ پەسەندکردن و دانپان بەم رێککەوتننامەیەدا.
- ئەمەریکا و ئەمارەتی ئیسلامی ئەفغانستان کەئەمەریکا وەک دەوڵەت دانی پێدانانێت و بەتاڵیبان ناسراوە، هەوڵدەدەن بۆ بونیادنانی پەیوەندییەکی پۆزەتیڤ لەگەڵ یەکتردا، چاوەرێش دەکەن پەیوەندی نێوان ئەمەریکا و ئەو حکومەتی ئیسلامی ئەفغانستانی نوێ، پاش یەکلاکردنەوەی گفتوگۆکانی دانوستانی نیوان لایەنە ئەفغانییەکان.
- ئەمریکا هەوڵدەدات بۆهاوکاری ئابوری لەپێناو بونیادنانەوەی حکومەتی ئیسلامی ئەفغانستانی نوێ، دوای یەکلاکردنەوەی گفتوگۆکانی دانوستانەکانی ئەفغانییەکان، ئەمەریکا دەستێوەردانی ناوخۆیش ناکات لەوروەوە.

ئەم رێککەوتننامەیە لەدوحەی پایتەختی قەتەر، لە ٢٩ی شوباتی ٢٠٢٠ واژۆکراوە. رێککەوتننامەکەش بەسێ زمانی: پەشتۆ و دەری و ئینگلیزی، نوسراوەتەوە. رێککەتننامەکەش لەهەرسێ زمانەکەدا بە یەک کوالێتی و بەها نوسراونەتەوە.

## سەرچاوەی رێککەوتننامەکە:

**Agreement for Bringing Peace to Afghanistan between the Islamic Emirate of Afghanistan which is not recognized by the United States as a state and is known as the Taliban and the United States of America February 29, 2020**